# چیرۆکە لە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە٢٨ـ ٢٩ی پووشپەڕ ٢٧١٨**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

موحسین سوبحانی

جێگر بەختیار

حمێرا محەمەد ئەمینی

ناسر فەتحی

شەرمین سالحی

بیژەن ڕەحمانی

حوسێن حەمەد

ڕەزا فرووغی

**چیرۆکی میوان:**

ئەڤراز عەبدولکەریم

**بە تامی چرۆک:**

لاپەرە ٢٥...

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی



هیوا

گوواریکی ئەدەبیو زانستی‌یە مانگی جاریك دەرئەچی

ژمارە ـ ١ ـ سال ـ ١ ـ گەلاویز ( تەموز ) ١٩٥٧

لەم ژمارەیەدا


| | پەرە |
|---|---|
| ـ ئەستیرەیەکی نوی .. .. ماموستا ـ ع | ٤ |
| ٢ ـ ریگای کامەرانی .. .. شاکر فتاح | ١٤ |
| ٣ ـ زمانی کوردی .. .. .. عبدالقادر قەزاز | ١٨ |
| ٤ ـ دیوانی هیوا .. .. .. .. | ٣٠ |
| ٥ ـ تی کوشین .. .. .. .. .. | ٣٣ |
| ٦ ـ برناردشو .. .. .. .. .. | ٣٦ |
| ٧ ـ چیروکی ژمارە .. .. .. .. .. | ٤٤ |
| ٨ ـ هەموو گیان لەبەریك : گورینی شیخ حسن شیخ معروف | ٥١ |
| ٩ ـ سوتاننەوەی پەردەی میشك : دوکتور عبدالرحمن .. | ٥٥ |
| ١٠ ـ چەوەنەری شەکر : جەمال عبدالکریم فؤاد .. .. | ٥٩ |
| ١١ ـ کونفوشیوس : فاضل .. .. .. .. | ٦٧ |
| ١٢ ـ ئەترمو هیزی ئەتوم : ووردی .. .. .. | ٧١ |
| ـ بیر لەتولەسەندن مەکەرەوە !! .. .. .. | ٧٢ |
| ١٤ ـ گەشتی مستر ریچ : وەرگیری شەمال صائب .. | ٧٥ |


وە گەلی شتی تریش ئەخوینیتەوە

٢٣٧

١٩٥٧: لە وەها ڕۆژێکدا یەکەم ژمارەی گۆڤاری "هیوا" لە بەغدا دەرچوو.

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

- چیرۆکی کارگەیی
- چیرۆکی میوان
- بە تامی چیرۆک

• ئامادەکاران:
ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

٢٩ی پووشپەڕ ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## «سارا ئازادەکان»

هەمووکەس لە ژیانی دا جارێک هەوڵی خۆکوژی دەدات. زۆربەی ئەوکەسانەی هەوڵی خۆکوژییەکەیان سەرکەوتوو نابێ، چەن کاتژمێر بەر لە خۆکوشتنیان ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراویان بۆ دێتە پێشێ؛ ڕووداوێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی لە خۆکوشتنیان پەشیمان بنەوە؛ بە مەرجێک لە ژیانیان دا سارایەکیان بووبێ. ئەو ڕووداوە بۆ منیش هاتە پێشێ .

ئەوە گرنگ نییە چ شتێک ببووە هۆی ئەوەی بڕیاری خۆ کوشتن بدەم؛ چوونکە ئەگەر لە هۆکارێک بۆ خۆ کوشتن بگەڕێین، هەردەم یەک دنیا هۆکاری بەهێز هەیە بۆ خۆ کوشتن.

تازە دەورەی سەرەتایی پێشمەرگایەتیم تەواو کردبوو. درابووم بە ئۆرگانێک بەناوی پارێزگاری. دابوویانم بە پەلی "کوورانی". مانگێک دەبوو لە کوورانی بووم. مانگەشەو بوو. نیگابانی کاتژمێر دوازدە بۆ دوو بووم. خەیاڵی خۆکوژی لەشی سووک سووک کردبووم. دەتگوت بە شەڕابێکی کۆن خۆش بووەم. چووم لەسەر تەختی خەوێکی بێ جێوبانی پەلی ڕادیۆی تەنیشت پەلی کوورانی دانیشتم. لوولەی چەکەکەم خستە بن چەناگەم و چاوەکانم قووچاند و بەخۆم گوت: "با دەورێکی خێرای ڕابردووم بکەمەوە ئینجا پەلە پیتکەکەی دەکێشم." لەدەورەکەمدا خۆم لە دایکم دزییەوە. خۆم لە هیواکانم لە گێلی دا. شتێکی ئەوتۆم بۆ دەورکردنەوە نەبوو، گەنجێکی بیست و یەکساڵە چەندە ژیاوە، تا چەندەی دەور بکاتەوە؟! چوومە دوایین ژوانی سارا. لە قووڵایی دڵمدا دەپاڕامەوە، ئەمجارەیان پێم نەڵێ: "بڕۆ ونبە لەبەر چاوم ترسەنۆک "!

مانگ گیرانەکەی سەر کوڵمی سارا، لەبەر مانگەشەوەکە وەک نەخشەی وڵاتێکی ئاشنا دەهاتە پێش چاوم؛ بەڵێ ناسیمەوە. گوتم: "سارا من خەڵکی وڵاتی سەر کوڵمەتم، ڕێگەم دەدەی بگەڕێمەوە؟" سارا پێکەنی. سنوورەکانی ئامێزی کردەوە، خۆم بە ئامێزی نیشتمان داکرد. سارا لە ئامێزم دا تواوە. دەمم خستە سەر نەخشەی وڵاتەکەم. لەوێ ڕا بە گەردنی وڵاتەکەم دا شۆڕ بوومەوە نێو سینگ و بەرۆکی. سییەکانم پڕ کرد لە بۆنی پرچەم و بەرامەی جەستەی. نیشتمانم بەهەموو هێزی خۆی ڕێکی دەگوشیم و دەستی بۆ نێوگەڵم دێنا و دەیگوت: "ئەی کوا؟ کوا پیاوەتیت؟" دەمهەویست پێی بڵێم: "گیانەکەم! نیشتمان پێویستیی بە پیاوەتی من نییە، نیشتمان پێویستیی بەوەیە ئامێزێک گەرمیی لەشی هەڵکێشێ، بۆ ئەوەی ئاگر نەگرێ. پێویستی بەوەیە، سینگێک بۆنی جەستەی هەڵمژێ بۆ ئەوەی بۆگەن نەکات. نیشتمان چاوێکی دەوێ جوانییەکانی پاشەکەوت بکات بۆ ئەوەی لە

دەستبلاوییا موفلیس نەبێ." بەڵام پێم نەگوت؛ چوونکە بێ فایدەبوو، نیشتمانی من لارێ ببوو. ئەو کوا لەم قسانەی من تێ دەگەیشت ! هێشتا سارا بەتەواوی لە ئامێزی خۆی دووری نەختستبوومەوە، کە کوتووپڕ دەستێک بە هێوری هاتە نێوگەڵمەوە و بە توندی پیاوەتیمی گرت. پیاوەتیم نەبزووت. هەڵبەت مەجالی بزووتنی هەر نەبوو! هاوکات دەستێکی دیکە هات و لوولەی کلاشینکۆفەکەمی لەبن چەناگەم لابرد و گوتی: "ئازادم مەترسە"!

ئازاد پێشمەرگەی پەلی ڕادیۆ بوو. کاتی نیگابانییەکەم کۆتایی پێ هاتبوو. نەچووم نیگابانی دوای خۆم هەستێنم. تا بوو بە ساعەت چوار، ئازاد هەر خەریکی ورووژاندنی پیاوەتیم بوو و چیرۆکی گیرۆدە بوونی خۆی بەم خووەی بۆ دەگێڕامەوە. نیگابانی پێنج بۆ شەشیشم وەخەبەر نەهێنا. لەگەڵ ئازاد چووینە قامیشەڵانەکەی خوار پەلی کوورانی. چەک و ڕەختم دانا و پشتوێنەکەم هەڵکێشا سەرێ و دۆخینەکەم لە هاوسەنگەرەکەم کردەوە و لە پشتەوە لە ئامێزم گرت. ئازاد هەرچی خۆی تێهەڵسووم و دەستی لە پیاوەتیم خشاند، هیچ خەبەر نەبوو. کوتووپڕ ئازاد پاڵێکی پێوەنا و گوتی: "ئەی کوا پیاوەتیت؟" دەمهەویست پێی بڵێم: "ئازاد گیان سپاس کە بەسەرهاتی پڕ تراژدیای زیندانت بووە هۆی ئەوەی بیری خۆکوژی لە خۆمدا بکووژم! حەزم دەکرد داتبمرکێنم، هەوڵیشمدا، بەڵام نەمتوانی خۆم ڕازی کەم کرمی دوژمن لە لەشی تۆدا تێراو بکەم! لارێ کرانت، منی هێناوە سەر ڕێ! کە لە پشتەوە لە ئامێزم گرتی بۆنی سارام لێ کردی!" بەڵام پێم نەگوت.

◆ ناسر فەتحی




📷 Hakar Yusuf

## «ڤیان»

فەرماندە ڕووی لە هێزە چەکدارەکان کرد و گوتی:

Hevalno heta îro alaya dijmin li ser bajêrê me vekirî bû, lê îro emê ji bo dawî ev alaya reş bikîşîne jor û alaya berxwedan û qaremanî û xwîndana we blind bikin. Mêjû tu car wê serkevtina we ji bîr naket."

پاشان هێزەکان بڵاوەیان کرد و بە نێو شاردا دەسووڕانەوە. جار جار دەنگی تەققە لە شوێنە جۆربە جۆرەکانی شار دەهاتە بەر گوێ؛ هێشتا لە نێو خانووە ڕووخاوەکاندا ئەگەری خۆ حەشاردانی دووژمن هەبوو. شەقامەکان پڕ بوون لە تانک و ماشێنگەلی سووتاو؛ ئامبۆلانسەکان تەرمی شەهید و کوژراوەکانیان دەگواستەوە. هەواڵمان پێدرا کە لە دەرەوەی شار، لە دووایین ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ هێزەکانی دووژمندا چەند بریندار و شەهیدێک بە جێ ماون. کاتێ گەیشتینە لا یان، برینداڕێک خەریک بوو چوار دەست و پێ لێمان نزیک دەبووەوە. بە جلەکانیدا دیار بوو لە هێزی دووژمنە. گوتم: هەڤاڵینە دووژمنە ئێستا بە گوللەیەک تەواوی دەکەم" فەرماندە گوتی:

Ne niha kû birankard û ambolans heye emê gel xwe bibin.

لە پڕ بریندارەکە شل بوو، بە دەما کەوت و لە جووڵە کەوت، وا دیار بوو مردووە؛ لێی نزیک بوومەوە تا لە مردنی دڵنیا بم، هەڵمگەڕاندەوە و بە پشتا خستم؛ دەستم نایە سەر دڵی، کەچی خێرایی لێدانی ئەوندە زۆر بوو دەتگوت ئێستە دڵی لە سینەی دێتە دەرێ. لە ژێر لێوەوە ناڵەیەکی کرد و جنێوێکیدا، کە بە دوو وشەیدا بۆم دەرکەوت کوردە. ماشەکەم کێشا و گوتم: ئێستا مێشکت دەپژێنم "خایینی وڵات فرۆش" فەرماندە چەکەکەی لێگرتم و گوتی:

"Dest jê ber den niha dema mirinê nîne

لێی نزیک بووەوە دەستی خستە ژێر باڵی تا لە سەر برانکاردەکەی بخات، چاوی کردەوە، بە بینینی فەرماندە ڤیان" فێی لێهات و کەوتە پەلەقاژە کردن. دوای چەند خولەک خۆ کوتان دیسان بێ جوڵە بوو. ئەم جار دڵی بە تەواوی لە لێدان کەوتبوو...

◆ شەرمین ساڵحی




Lukman Ahmad

## «ئالآ»

کاتێ بە دەمیەوە ڕۆشتین هانیبوویانە ئەم دیوی سنوور. سی ساڵ زیاتر دەبوو کە پێی لە سنوور نەترازاندبوو. خێرا خستیانە نێو ئامبۆلانسەکەو بەرەو نەخۆشخانەیان برد. من و ئازادیش بە دوایدا ڕۆشتین. لە بەر ژووری ئای سی یو" چاوەڕێمان دەکرد؛ بیرم لە دوایین دیالۆگەکانم دەکردەوە:

- دەتهەوێ بڵێی خاک لە من بەبایەخترە؟

- لەم ساتەوەختەدا من ناتوانم جگە لە ئالآ بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە ژیان!

- لە هیچ شتێک تەنانەت لە منیش؟ ئەی ئەو هەموو سۆز و وەفا؟ بەڵێنەکانت چی لێدەکەیت؟

- بۆ تێناگەی ژیان؟ بارودۆخ گۆڕاوە، وادیارە ئێرەت لە گەڵ جێژوانا تێکەڵ کردووە، ئێستا کەی کاتی خۆشەویستییە، من دەبێ بڕۆم، هاوڕێکانم چاوەڕێمن

- بڕۆی؟ بۆ کوێ بڕۆی؟ بۆ ژێر بۆمب و بارووت؟ هیوا هیچ شتێک لە ژیان بەبایەختر نییە. ئالآ بە کەڵکی چی دێت؛ کاتێ تۆ نەمایت؟

- من من من، واز لەم قسانە بێنە...مەگەر هەر من مرۆڤم؟ ئەی ئەو خەڵکەی چاوەڕێی من و تۆن؟ لێرە بمێنمەوە تا تۆ لە خۆشەویستەکەت نەبی؟ تف تف تف...نەفرەت لە خۆشەویستی وا بێ.

- ڕاوەستە هیوا ئێستە دەگەڕێمەوە"'

- ژیان ئەوە خۆتی؟ بە هەڵە ناتبینم؟

- هیوا گیان هەڵە نیت، من لە مێژە بڕیاری خۆم داوە، پێکەوە دەڕۆین!"

پەردەکە کە کێشرا، لە پشتی سێن تا پێنج خولەک دەنگی چەپڵەی تماشاوانەکان دەهاتە گوێمان، جلەکانم گۆڕی و دەم و چاوم شۆشت و ماڵئاواییم لە هاوڕێ ئەکتەرەکانم کرد. تماشاوانەکان سالۆنەکەیان جێهێشتبوو و هەموو سەندەڵییەکان، جگە لە یەکیان بەتاڵ ببوون. هەر بە ژیان بانگی لێکردم؛ پێکەنیم و گوتم: ئالآم!

- منیش ئازادم دەرهێنەری شانۆی ڕەشەبای ئەنفال" شانۆکەم دیتبوو بۆیە خێرا پیرۆزباییم لێکرد و داخی خۆم بۆ کارەساتەکە دەربڕی.

لەو کاتەوەی بە بابم گوتبوو دەمهەوێ لە گەڵ ئازادا زەماوەند بکەم، چووبووە سەر دارێکی بەرز و نەئەهاتە خوار، دیگوت: " ئەو خەیاڵە لە مێشکت بسڕەوە محاڵە کچ بنێرم بۆ وڵاتێکیتر.

- ئاخر بابی من ئەوە چ قسەیەکە وڵاتێتر چییە؟ وڵات وڵاتی خۆمانە.

- پێم گوتی واز لەم خەیاڵانە بێنە، لەو سنوورە چوویتە دەرێ لەو وڵاتە بێگانەی و وەک پەنابەر سەیرت دەکەن.

ـ بابە پێم سەیرە خۆ تۆ وانەبووی، ئەو سنوورانە لە مێشکی منا نییە! تۆ کەی ڕێگریت لە بڕیاری من کردووە؟  من و ئازاد یەکترمان خۆشدەوێت، ناتوانین واز لە یەک بێنین

ـ ئازاد ئازاد ئازاد...بیبڕەوە ئەم باسە، نامهەوێ جارێتر ناوی ئەو کوڕە ببیستم.

ئازاد ساڵێکی تەواو هاتوو چوی کرد و ڕیشسپی و پیاو ماقوڵ نەما نەیهێنێتە ماڵمان، تا لە کۆتاییا بابم ڕازی بوو، تا من و ئازاد پێکەوە زەماوەند بکەین. بابم ئازادی لە براکانم زیاتر خۆشدەویست؛ جارێک لە گەڵ بابم بە تەلەفۆن قسەم دەکرد کە ئازاد گوشییەکەی لێ سەندم و گوتی: مامە گیان پێم خۆشە سەردانێکمان بکەی؛ ئەم جار ئێمە نایەینەوە دەبێ خۆت بێی. حەفتەیە دواتر هاتبووە سەر سنوور. دوکتۆرەکە سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی: بە داخەوە نەخۆشەکەتان تووشی جەڵتەی مێشک بووە و لە باروودۆخێ خراپدایە، پێویستی بە نەشتەرگەرییە. نیگابانی سەر سنوور دەیگوت: ئەو کابرایە بە بینینی ئاڵا هەڵکراوەکان بە عەرزدا کەوتووە؛ کاتێ گەیشتینە سەری هێشتا چاوی لە سەر ڕیزە ئاڵاکانی سەرسنوور بوو...

◆ شەرمین ساڵحی



Sipan Barzani

«.....»

پشتە ملیان گرت، بەشەق فڕێیان دایە ژووری لێپێچینەوە.

- ددانی پێدابنێ کێ لە پشتەوەی کارەکانتەوەیە؟

- زەلام کووژی لەکەیەوە کارە، گەورەم؟

- دەمت داخە، بێقیمەت. کەس بە ڕۆژی ڕووناک زەلامی کووشتووە؟

- پەلاری لە هاوسەرەکەمی دا، پێی گوت: هەی سمت...

- ها ها ها ها.

- گەورەم تێیهەڵدەین، تاکو ئەوکاتەی ددانی پێدادەنێ؟

- بەڵێ، باش شەلاقەی بکەن.

دوای ئەوەی بە سێ کەس لێیان دا.

- بووەستن، مردم.

- کە ئەو داماوەت کووشت، بیرت لەوە کردبایەوە.

- بووەستن ددانی پێدادەنێم.

- دەی با گوێم لێ بێ.

- بەڵام بە مەرج.

- چەقە چەق، زوو بڵێ بزانم چیت دەوێ.

- یەک نەفەر کەباب، بەس کەبابی وەستا ڕەحیم، هەرکە تامی بکەم دەی ناسمەوە، بە ماستاوەوە. پاکەتێک جگەرەی مالیبۆڕۆی گۆڵدی.

دوای ئەوەی نانەکەی خوارد، جگەرەیەکی داگیرساند، خەریک بوو دەگەیشتە دوا مژەکانی.

- باشە ئێستا نانەکەشت خوارد و جگەرەکەشت کێشا، بڵێ: کێ لە پشتەوەی کارەکانتە؟

- دەست بە ئەشکەنجە دانم بکەنەوە.

◆ جێگر بەختیار



Bawan Baban

## «هەیڤا»

بۆ دواجار وێنەکەم سەیر کرد. کچێکی کەواوپانتۆڵ لەبەر کە جلەکانی لەبەریدا هەلاهەلا بوون بە لاقێک لە ئەژنۆوە بۆ لای ناوسکی شکابوو و دەمووچاوێکی خوێناوی لەژێر پێی پیاوێکی کەڵەگەتی ڕیشن، لەو پیاوانەی هەمیشە لەشئالۆشین دەردەکەون، کە وەک شابانوویەکی داگیرکردبێ فیکەی سمێڵی دەهات...

یەکەمجار لە پەروەردەی هەڤالانی نوێدا بینیم. من بۆ کارێکی تەشکیلاتی گەڕابوومەوە بۆ شاخ. کە دیتم کچێکی ڕووکراوەی ئازام هاتە بەرچاو. ناوی ڕێکخراوەیی هەیڤا بوو. من هەر بەو ناوە دەمناسی. وەک دواتر خۆی بۆی گێڕامەوە باوەپیارەی کۆنەجاشێکی ناوداری شارە و هەر بە زۆری زۆرداری دایکی کە ژنە شەهیدێک بووە مارە دەکا. دوای ماوەیەک لە ڕووداوێکی تەماویدا کە پزیشکەکان بە خۆکوژی لێکیئەدەنەوە دایکی دەکوژرێ. لە ترسی لاقەکردنی باوەپیارەی یازدە ساڵی دەبێ، بە ناچاری لەگەڵ کوڕێکدا لەو شارە هەڵدێن. دواتر دەزانێ لەبەختی ئەم، ئەویش موعتادە و دوای سێ ساڵ ژیانی کولەمەرگی و دوای ئەوەی شەوێک ڕەفیقەکانی لێهەڵدەنێ، هەڵدێ و یەکسەر دێ بۆ شاخ.

سێ ساڵی بەسەردا هات و من لە کاتی سەردانم بۆ یەک لە بنکەکاندا لە خێوەتی بریندارەکاندا هەیڤام دیتەوە. لە ئۆپەراسیونێکدا دەستێکی بریندار دەبێ و هەتا ئەو کاتە دەگەڕێنەوە بۆ کەمپ هەو دەکا و ناچار دەبن لە ئانیشکەوە بیبڕنەوە. هەر لە قسەی جارانی خۆی نەکەوتبوو. بە لاقرتی و ژارخەندێکەوە گوتی: خەم مەخۆ هەڤاڵ! خەم مەخۆ! کوڕان هەر زۆر پڕهەست بن دەبن بە شاعیر. خۆ شاعیرانیش بە دەست و ئانیشکدا هەڵنالێن. چاو و برۆ و ئەگریجە دەبینن. شوکر هێشتا بەرنەکەوتوون!

دواجارێ کە بینیم بۆ خەباتی ناوخۆ گەڕابۆوە. دوای ئەوەی پێکرابوو بووبوو بە تەکتیرەندازێکی کارامە و لەگەڵ شانەیەکی ڕێکخراوەدا لە دوورەوە پشتیوانی ئۆپەراسیۆنەکانی دەکرد. من وەکوو ئەندامی ناوخۆ دەبوو هەموو ئامادکارییەکان بۆ ئەو و گرووپەکەی بکەم. مەبەست چەند ئەندامێکی کوردی دەسەڵاتداری ناو سیستەم بوون کە دەبوو هاوکات لە چەند شوێندا دەستیان لێبدرنەوە. بۆ مانەوەی من، ڕێکخراو نەیدەویست زۆرم دەرگیر بکات. تەنیا دەبوو هەندێ ناونیشان بدۆزمەوە و بیانخەمە بەردەست. کە کارەکەی من تەواو بوو ئەوسا دەبوو چاوەڕێ بم گرووپەکە بە کوێ دەگا...

سەرەتا لە هەواڵەکاندا بیستم چەند هێرشێک کراوەتە سەر هێزەکانی دەوڵەت و چەند کەسێک کوژراون. دیارە تەنیا

یەک کەس نەیتوانیبوو مەبەست بپێکێ و ئەویش هەیڤا بوو. وەک دواتر دەرکەوت پێش ئەوەی بگاتە شوێنی مەبەست شوێنەشۆپی دەگرن و شەهید دەکرێ. لە ڕۆژنامە و سایتەکاندا وێنەیەک بڵاوبووەوە کە تێیدا کابرایەکی کەڵەگەتی ڕیشن بە فیشەک لقی بەرۆکیەوە پێیەکی ناوەتە سەر دەموچاوی خوێناوی هەیڤا و بە غرووره پێکەنیوە.

من دەبوو ئەو کارە تەواو بکەم. دەبوو ئەو فیشەکە بم دواجار هەیڤا ویستبووی بیتەقێنێ و بۆی نەکرا. ئەو ئێوارە کە دوای ساڵێک لە کۆڵانێکی چۆڵی نزیک ماڵەکەیدا پێشم بە ماشێنی ئەو کابرایە گرت بەقەرای خۆشەویستیم بۆ هەیڤا ڕقم لە دڵدا بوو. دەرکەی ماشێنەکەم لێکردەوە. ئەو دەمانەم هاتە پێشچاو کە دەستی لە هەیڤا ڕاست کردۆتەوە. گوللەیەکم پێوەنا. هاتە پێشچاوم شەوێکیان دایکی هەیڤای بە زۆر بردۆتە ماڵی خۆی، گوللەیەکی دیم پێوەنا. هاتە پێشچاوم چۆن دایکی ئازار داوە و کوشتوویەتی یەکی دیم پێوەنا. هاتە پێشچاوم چۆن ویستوویەتی لاقەی هەیڤا بکا، یەکی دیشم پێوەنا. هاتە پێشچاوم ئەو دەمەی دوا گوللەی بەسەری هەیڤاوە ناوە و دوا گوللەشم بە ناوچاوانیەوە نا و جێمهێشت.....

◆ موحسین سوبحانی



Ahmed Mohammed

## «دوایین فیشەک»

ماندوو و شپزر بە دەم ڕەنگاڵەی خەیاڵێکی شیرینەوە ڕێی دەبڕی .

ئێستا کەزیەکانی پەرێشان کردووە، جێ و بانەکەی ڕاخستوەو نیوەڕووت لە ناو جێگاکەدا تلاوتلیەتی . بیر لە من دەکاتەوە، لە ماچ و موچ و ڕامووسینم .

نەبوونیم وەڕزی دەکا. دێتە لای پەنجەرەکە، تریفەی زێوینی مانگ کوڵمەکانی ئەفسووناویتر دەکا و بە بۆڵەوە دەڵێ : ئاخر غەزەب تۆ چی دەکەی لەو شاخ و کێوانە؟ نیشتمانی تۆ منم، منت تەنیا کردووە کەچی ببێ؟

کەی ئەمە ناوی ژیانە؟ خودموختاری چی و تەڕەماشی چی..

ڕاست دەکا، خۆشم ئیتر وەڕز بووم.

بەڵێنت پێ ئەدەم ئیتر تەنیات ناکەم.

چیتر ناگەڕێمەوە و نیشتمانەکەم لە ئامێزما دەبێ تا دەمرم .

ـ ئەها، ئەوە گەیشتم . سێ هەنگاوم ماوە . هێشتا گڵۆپی ژووری نووستنی داییسێ ئۆخەیش نەمردم و ئەمجارەش. گەیشتمەوە ماڵ.

ئەو تارماییە چیە؟

چرا قەوەکەی تێگرت.

حەمە ! ئەوە تۆی!

بەم درەنگانە ڕێت لێ هەڵە بووە؟چیت ئەوێ ؟

ـ هینە...هییی....هینە...هینم دەوێ شتەکە ....

ـ شتی چی حەمە ؟

گڵۆپی سەر درگاکە هەڵکرا.نیشتمان بوو درگاکەی کردەوە و باوەشی بە مێردەکەیا کرد.

ـ ڕزگار ئەوە کێیە؟ چی دەوێ ؟

حەمەیە، نازانم دەڵێی کاری بێرەیە.

ـکاری چی؟ حەتمەن ڕێی لێ تێکچوە یان برسیەتی،بەستەزمانە دایکی لە ماڵ نییە کەس نەبووە پارووە نانێکی بداتێ ، ڕەنگبێ برسی بێ. ئێستا بابۆڵەیەکی بۆ دێنم.

ـ ها حەمە، خانم بابۆڵەی بۆ هێنای .

ـ ناخۆم ، بلسیم نییە .دایکم هڤڤڤ بلینج و گۆشتی دامێ ،خوالدم .بلسیم نییە..

ـئەی چیت دەوێ ؟

ـ هینە ، هاتووم بۆ شتەکە ، شتە خخخخ ۆۆۆۆ.....شش...

ـ شتە خۆشەکە چیە ؟

دەستی برد بۆ ناوگەڵی خۆی و گوتی: هینە.. هیین .. ئەمە..

کاس و وڕ درگاکەی پێوەدایەوە. نەیاندەوێرا سەیری ناو چاوی ژنەکەی بکا،خۆی لە ڕاستییێک دەشاردەوە .

کازیوەی بەربەیان بوو،بۆ دواجار لە نیشتمانی ڕەشی خۆی ڕوانی. تەزووی ساردی جیایی سەرتاپای گیانی داگیر کرد .

کەوشەکانی لە پێ کرد و ملی ڕێی گرت..

لە خوار ئاواییەوە دەنگی حەو حەوی سەگەکان و هوژەی فیشەکێک تێکەڵ بوون...

**◆ حمێرا محەمەد ئەمینی**



Arash Ahmad

## «ئەزموونی خاک»

لە سەنگەر دا, تاقە فیشەکێکی پێمابوو. پێش ئەوەی دوایین نارنجەک بهاوێ; دوایین دیداری هانای کچی وەبیرهاتەوە. تاسەی ساتێک دیتنەوەی هانا, مچورکی بە گشت لەشی دا, هێنا. مەرگی خۆویستی, بە شتێکی پیرۆزتر لە ژیانی ژێردەستی دەزانی.

هانا لە زانکۆ, بوو بە ئەندازیاری خاک. سەرەڕای تاقیکردنەوەی ئەو هەمووە خاکە, هیچ خاکێک فەرامۆشی بۆ نەهێنا; کاتێک باوکی بە دوایین فیشەک لەشی پیرۆزی سارد کردەوە و هەگبەی خاکی وڵاتێکی لە کۆڵ نا!

◆ بیژەن ڕەحمانی



Bilal Izaddin

## «گۆڕستانی کەسە بێناوەکان»

هەناسە بڕکێمە، دەنگی هەناسەم لە نەغمە ناسازەکانی مردن دەچێ، وەک بڵێی مردن بە شوێنمەوە بێ و منیش پەل وپۆم نەبێ بۆ ڕاکردن. درۆ نا، درۆ نەبوو; ڕاست بوو، هەر بەڕاستیش مەرگ هاوهەنگاو لەگەڵم ڕێی دەکرد، ڕێیەک نە من شارەزای بووم نە مردنیش. من ڕامدەکرد، ئەو ڕایدەکرد، یەک شوێن پێ هەبوو. ئەو ڕایدەکرد، من دەوەستام، شوێن پێی نەبوو. من ڕامدەکرد، ئەو دەوەستا، شوێنپێم هەبوو. تارماییە و شوێن پێی نییە، مردن.

لەژێر تریفە و کزە بای ئەو دارستانە پڕاوپڕ لە ترسانەدا چەند سەگێکی هار دوام کەوتوون، سەگ نا، سەگ نەبوون، جەندرمە و پاسەوانانی سەر سنوور بوون. کەوتم، هەڵسامەوە، ڕامکرد، ڕزگارم بوو، لەنێو چاڵێک و لەپاڵ دارێکی غەمبار خۆم حەشاردا. زستان بوو وەلێ نە هەورێک بە ئاسمانەوە بوو و نە کوندەپەپوویەکی چاو ئەبڵەقیش تا وەک سیخوڕێک سیخوڕیم بەسەردا بکا، دارستانێکی کش و مات، ئاسمان تەواو سایەقە بوو. لە جەنگەڵستان ڕامکرد، توشی وەهم بووم، کەوتمەوە جەنگەڵ، دڵنیام دیسانەوە لەو جەنگەڵە ڕادەکەم و دەچمەدەرێ بێ ئەوەی بکەومە ناو جەنگەڵێکی تر. سەرباز نەما، شەو تاریک و تاریکتر دەبوو، بەردەوام بووم لە ڕاکردن. نە ڕێگایەکم دۆزیەوە و نە گەیشتمە کۆتایی دارستانەکەش. لە پڕ هاتە بەرامبەرم، مارمێلکەیەکی لاوازی سیس نا، ورچێکی قاوەیی ورگ زلیش نا، بەڵکو گورگێکی ڕەشی قەترانی بوو. وەستام و شڵەژام، لیکی دەمی ئەو نا، دڵۆپە ئاوی ڕووباریش نا، تنۆکە ئارەقەیەکی ڕوخسارم بوو کەوتە عەرزەکە. دەرەوشایەوە، ئەستێرە نا، مانگ نا، ڕوناکی فرۆکەش نا، چاوەکانی ئەو بوو بریسکەیان دەدایەوە. هەنگاوینا و هاتەپێش، خێرا سەیری دەوروبەرم کرد، چەقۆ نا، بەردیش نا، دارێکی نوک تیژی نیو مەتریم هەڵگرت. پڕیدامێ و لێمدا، قەفەسەی سینگی من نا، هی ئەو بوو کون بوو. کەوتە سەر زەوی و پەلەقاژەی بوو، هەناسەی خێرا دەدا، دوا ساتێک بێ یەک و دوو دڵی وەستا. قۆڵی چەپم بریندار بوو، بووم بە بکوژ، هی مرۆڤ نا، هی ئاژەڵێکی کێوی دڕندە. سەرما بوو; بەخۆم دادا، قەمسەڵە نا، بەتانیش نا، پێستی ئەستووری گورگەکە.

کات ڕۆیشت، منیش لەگەڵ ئەو، تا بوو بە سپێدە. جەنگەڵ تەواو، نەجاتم بوو، لە مردن نا، لە دارستان. دوا تۆزێ ڕێکردن کەوتمە گۆرستان، نزیک بوو لە دەریا، بۆنێک هاتە نێو لوتم، بۆنی بوخورد نا، بوخورد نەبوو، بۆنی لاشەی بۆگەن بوو. هەندێک بە ئاسمانەوە و هەندێکیش لەسەر کێلی قەبرەکان نیشتبوون، نەورەس نا، نەورەس نەبوون، سیمورغیش نەبوون، قەڵەڕەشی باڵ ئاڵتونی بوون. دەبوا بە

گۆرستان تێپەڕم بۆ چوونە ئەوبەر، ڕۆیشتم بەس بە هێواشی، ئازاری قۆڵم نەمابوو، لەبەردەم گۆڕێک ئیستێکم کرد و وەستام، لەسەر کێڵی ئەو مردووە، ناو نا، ناو نەبوو، ژمارە نووسرابوو. مردووی ژمارە 997، لە تەنیشت ئەویشەوە مردووی ژمارە 998، گۆڕێک نا، دوو نا، سێ نا، پێنج نا، دە نا، سەد نا، بە هەزاران گۆڕی بێناوی ژمارە لەسەری لێبوو. ئەی هاوار خەریک بوو شێت بم، ئەو هەموو خەڵکە بێناوە چی دەکەن لێرە؟ بۆ لێرە خەوتوون؟ مەگەر کوخێک، کەلاوەیەک، ماڵێک و مەنزلگەیەکیشان نییە؟!، گەر نیازی خەوتنیان هەبوو هەر هیچ نەبوایە بچووبان لە کۆڵانە تاریکەکانی نیشتیمان خەوتبان نەوەک لێرە.

بوو بە هەور، ئاسمان غەریبانە ڕەش بوو. دەنگی دەریا، قیغەی قەڵەڕەش، گرمەی هەور و دەنگی پێی با، هەر زوو وایان کرد لە گۆرستانی ئەو کەسە بێناوانە بچمەدەرێ، نابادە لەو خەوە قوڵە خەبەریان کەمەوە. لەگەڵ دەسپێکردنی باران گەیشتمە کەنار دەریا، لە دوورەوە لەنێو شەپۆلەکانی دەریا بەدیار کەوت، نەهەنگ نا، نەهەنگ نەبوو، ئەسپی دەریا و ماسی باڵداریش نەبوو، یەختی ئەو قاچاغچییە بوو کە لەگەڵی ڕێکەوتبووم. لەژێر فرمێسکی هەورەکان چەند سەعاتێک چاوەڕوان بووین، وەک چۆلەکەی ژێر باران، تەواو تەڕ بووین. دوای سێ سەعات، چەندەها خێزان بەدیار کەوتن، کچ و کوڕ و ژن و پیاو و پیرەمێرد بوون، منداڵی شیرەخۆرەشیان لەگەڵ بوو کە لەنێو لانک نەبوایە خەوی لێنەدەکەوت، کەچی ئیستا هێناویانە تا دەریا لە باوەشی خۆی بیخەوێنێ. دەستەسرێ پێ نییە و بەردەوامە لە گریان، هەور. کابرای قاچاغچی هاواری دەکرد سەرکەون، وەلێ تۆفان و با ڕێگەیان بە شەپۆلی دەنگی ئەو نەدەدا تا بگا بە ئێمە. بەرێکەوتین، شەپۆل و ئاو، پەستان و با، بەیەکەوە بەرپەچی هێزی کێشکردنیان دەدا، تا نوقومی ئاوازی فلووت ژەنە پیرەکانی دەریامان بکا.

ئێمە و چەتە تارمایەکانی دەریا، هاوڕێک لەگەڵ یەک دەڕۆیشتین، لەژێریشمانەوە قرشە بێحەوسەڵە برسیەکان بە لەنجەولار ڕێیان دەکرد. یەختەکە هێند قەرەباڵەغ بوو بە حاڵ شوێنمان ببوویە، لەپڕ یەکێک لە دواوی دواوە کەوتە نێو ئاو، نەک هەر یەک کەس؛ دوان و سیان و تا دە کەسی بە دوا داهات. مردن نزیکە، من گریام،ئەو گریا، منداڵ گریا، دەریا گریا، لە ترسی مردن نا، لە ترس و تورەیی ئەو هەورە ڕەشە عەبا لەسەرانە. ئەی نیشتیمانی داماو، ئەی ئەو وڵاتەی هەر پارچەیەکت مولکی کەسێکە و ئێمەش سەرگەردان، گەر تۆ تیکێک نانت پێدابایین ئێستا نەدەبووینە خواردنی ئەو مەخلووقە ئاوییە بێڕەحمانە. دەنگم دەگا و نا،بە نێو با تێدەپەڕێ و

تێناپەڕێ، کەس گوێی لێیە یان نا نازانم، من هەور دەکەمە نامەبەر و نامەیەکت بۆ دەنێرم، پڕ بە گەرووم هاوار دەکەم، خۆمان ڕۆ نیشتیمان، ئەی ئەو نیشتیمانەی پەلەی گەرمات دەگاتە پەنجا و قسوور و هەورەکانیش ناتگەنێ، خوات لەگەڵ نیشتیمانی دایکم، ماڵئاوا نیش... تی... مان...

◆ **حوسێن حەمەد**



Matt Willingham

**«سەلەفی شانۆ حەز»**

کچێکی قەڵەو بە کچێکی قەڵەوی دی:

((گێلە ))

کچەکەی دی لە وڵام دا:

((ئاقڵی سووکە))

کچێکی لاوازی دی بە کچێکی لاوازی دیکە:

((ئی ئەم زەمەنەی نییە))

کچەکەی دیکە بە ئەم کچە:

((فۆسیلە))

قەیرە کچێکی بەپۆز بە هەڤاڵەکەی :

((جل و بەرگی دژە مۆدە))

هەڤاڵەکەی بە تێبینی لە وڵامی دا :

((مۆدیلی قژی سەری لە ئیسلامیەکان دەچێ))

کچێکی جحێل بە کچێکی جحێڵتر:

((ئەم ڕێدێنەی ،هەر بۆ گەسک باشە))

کچە جحێڵترەکە ::

خخخخخ

ژنێکی بە گریمانە ٤٠ساڵە بە ژنێکی لە خۆی بە تەمەن تر :

((چاوانی هەر خۆێنی لێدەبارێ))

هەتیویێکی سۆیتەلی بە ڕەفیقەکەی:

((تەسبێحی دەستی ،مەلاکەی بەدەڵە))

ڕەفیقەکەی بە پێکەنین:

((کراسەکەی هەڵدەیەوە، ٢٠ بۆمبان دەبینیەوە))

ڕێبوارێکی پیاو لە بەرە خۆیەوە:

((هەر دەڵەی لە تاڵیبان بەجێ ماوە))

کوورێک بە ماشێنێکی مارک تۆیۆتا ::

بیبیب بیب ....بیبیب بیب ....بیبیبیبیبیب

هەڤاڵەکەی تەنیشتی بە قاقاوە :

((نەکا دەگەڵ سێلاوی ئاواران هاتبێتە ئەم لاوە))

کچێکی جلف بە هەڤاڵ حەکە دارەکەی :

(( هێندە ئەسمەرە دەڵەی نەوەی بیلالی حەبەشییە))

هەڤاڵەکەی بە دەنگێکی بەهەوەسەوە:

بێکلاس، ڕەشە ڕەشە، بۆنی خۆشە !!

کچێکی ئەگریجە زەرد:

((لووتی ئەوەندە شووشە، هەر بۆ خیلیسکێن باشە))

کچێکی چاو ڕەش:


((برۆی لە گیشەی عەجەمان دەچێ !))

....

بەشێک لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی گۆڕەپانی هۆنەرمەندێک بۆ نووسینی شانۆی داهاتووی (ڕۆژێکی سەلەفی مۆدێرن)

هەڵبەت دەبێ بە عینوانی ڕاوی ڕاستەقینەیەکیشوو بۆ بدێرکێنم ،بەینی خۆمان بێ ،هەتیوە هوونەرمەندە ڕاست لە هەموو جێگای شار چۆتە بەر ڕێگای مەدرەسەی کچان ،پێموابێ هەتیوە سەری لێی دەخووڕێ لە خۆ ڕاهێنان، یا ڕەنگە حەزلێکردوویی بکا ؟!منکە تێی نەگەییشتم بۆ بەو سەر ووسیمایە ڕاست چۆتە ئەم شۆنە بۆ ئەزموونی نووسین !!هەڵبەت نووسەر وای پێکوتم بیگێڕمەوە، ڕەنگە نووسەریش... خخخخ!!!

◆ **ڕەزا فرووغی**



Alan Namiq

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەموکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەموکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

### کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما ) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما ) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌ً◌ّ ◌ّ ◌ًّ ◌ّ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : < = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اه [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "ھ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن:   ;   ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# چیرۆکێ میوان

## «مرنا سەفەرێ بێدەنگ»

من ژ وی مرۆڤی ئەجێبتر نەدیتنە؛ ئەڤ شێست و حەفت سالن ئەز وی ناس دکم و هێشتا من ب دروستی ئەو ناس نەکرە،ما شێست و حەفت سال هندکن! ئەڤە هەموو چننە، وی ئەز ب سێزدە دەمژمێر و نیڤان ناسکرم، ب یەک سەفەر ژ دهۆک بۆ سولێمانیێ و زڤرین بۆ دهۆکێ و نە زێدەتر، ئەڤە ژی چننە، خوە یەک پرسیار چییە؛ یەک پرسیار بتنێ ژی ژمن نەکر و ئەز ب تەمامی ناسکرم.

من ئەو ناسکر من بێدەنگی ناسکر، ئەڤە ژ وێ رۆژێ ئەز ژ خوە دپرسم: گەلو بێدەنگی مەزنترە یان ئاخافتنن، گەلۆ مەزنترین پەیڤ کیژانە؛ گەر وێ پەیڤێ ل هەمبەر بێدەنگیێ بدانن، وێ بێدەنگی مەزنتر بە یان ئەو پەیڤ، دیسان دبێژم خوە گەلۆ بێدەنگی ل دەسپێکێ هەبوویە و ئاخافتن داهێنانن یان ئاخافتن ماکا بێدەنگیێ یە! دگەل ڤان پرسان دبێژم بەریا ئادەم بهێت ئافراندن کی دئاخفت! ئانکو ئاخافتن پاشماوەیا بێدەنگیێ یە.

ووو.. من ژبیرکر بێژم، ناڤێ وی سەفەر بوو. ناڤێ وی نە سەفەر بوو؛ بەلکو ئەو بخوە سەفەر بوو، دیوانا وی سەفەرەک بوو، سەفە... سەفەرەکا بێدەنگ.

بێدەنگیا وی ئەوقاس کاریگەری ل ئاخافتنا من کریە هەتا هن جاران دەما دبێژم کەسەکێ: (بێدەنگ بە!) یەکسەر سەفەر تێ بیرا من، ئەلحەمدولیللاه.. هەتا نها ئەز چ جاران شاش نەبوومە ل شوونا (بێدەنگ بە!) بێژم: (سةفەر بە!).

کا ژ ڤێ هەموویێ ڤەبن. ئەو ناکەنت،ب خودێ ناکەنت بتنێ دگرنژیت ئەوژی ئەز نها هزرا خوە بکم دکارم ب تبلێن دەستان بژمێرم کا د ڤان شێست و حەفت سالاندا ئەو چەند جاران گرنژییە. هێشتا من تێر ددانێت وی نەدیتنە! باش بوو، بەری هەیامەکێ نهێنیا نە کەنینا خوە ژبۆ من گۆت، ل داوییا چیرۆکێ ئەزێ ژبۆ وەژی بێژم.

کا ئەم ژ ڤێ سوهبەتێ ژی بگەرن، یا تیر د بنی دا مایە، ئەڤ تشت ب درێژاهیا شێست و حەفت سالان من نەگۆتن و نەگۆتن هەتا ئیرۆ لێ ئێدی نکارم نەبێژم ژ حەدی دەرکەت. رۆژەکێ ئەز ل جڤاتا وی بووم -جڤاتەکا بێدەنگ و بێ کەنی-، بوو تەقرەڤا دەرگەهی،سەفەری گۆت کورێ خوە: کا لێ بنێرە ئەو کییە دێ مریت!

کورِ چوو و هات کالەمێرەک دگەل ب ژوورکەفت گوپالەک ژ دارکنێرێ د دەستاندە بوو دانا پشت دەرگەهی و ب زۆری خو بێ گوپال گهاند سەرێ مالێ،سلاڤ کر بتنێ ب دەست بلند کرنێ، سەفەری ل ناڤچاڤێن وی مێزەکر، نە ئەو ئاخفت و نە ئەو، پاشان سەفەری ب چاڤان گۆت من: مە بهێلة بتنێ. پشتی دەمەک درێژ کالەمێر دەرکەفتی ئەز چووم ژوورڤە..

- سەفەرا! وی کالەمێری خێر بوو؟!

- پاشی دێ زانی.

پشتی سێ رۆژان مە ئەو کالەمێر ب ئاخێ سپارد، من ژی گوپالێ وی ژ مالا وی ستاندییە و لجەم خوە دێ پارێزم وەک بیرهاتن.

سەفەر ب خوە ژمال دەرنەدکەفت،نەچار نەبیا کەسێ ژی قەستا وی نەدکر ژبلی من(...)

-باشە پا بۆچی ئەڤز نامرم؟!

پشتی دوو سالان دیسان ئەز ل جەم بووم ژ نشکا ڤە تۆلازەک ب ژوورکەفت دیسان سەفەری ب چاڤان گۆت: (مە بهێلە بتنێ). هوون دزانن من بەشەک ژڤێ چیرۆکێ ل کیڤە نڤێسییە؟ ل ناڤ بەهیا وی تۆلازی، پشتی شەش رۆژان ژ سەرەدانا وی تۆلازی بۆ سەفەری، کەفت ناڤا ئاڤێ و خەندقی. من سەرەخوەشی ل بابێ تۆلازی دکر،گۆتە من:

- کا سەفەر چما نەهات ناڤا بەهیێ؟

- ما تە کەنگی سەفەر دیتە ل ناڤا بەهیەک یان شاهییەکێ؟

د ڤان سالاندا چوار کەسان بتنێ قەستا مالا وی کر هەرچوار ژی مرن (ژبلی من).

من هەر دگۆت ئەرێ چما هەرکەسێ ژ مرنێ نێزیک دبیت دهێت جەم وی و گەلەک دبت هەڤال دگەل سەفەری، ما تو بێژی سەفەر تشتەکێ بکت دناڤ خوارنا وان دا؟! گەلۆ چما ئەز نامرم؟!

تەقرەقا دەرگەهی هاتەڤە؛ ڤێ جارێ دبینم، چ دبینم پیرەدایکا من ب ژوورکەفت، من ب دەنگەک بلند کر هەوار: نەههه!!

دیسان سەفەری ب چاڤان ئاماژا دەرکەفتنێ ژبۆ من کر لێ ڤێ جارێ من خوە گێل کر و دەرنەکەفتم،ئاخر دایکا منە و دێ مریت ئەز چەوا دەربکەڤم!!

سەفەر ئاخفت..

- مە بهێلة بتنێ.

- نەشێم.

- مە بتنێ بهێلە یان دێ مری

-بلا بمرم!

و بەرێ خوە ژمن وەرگێرا ئەم هەرسێ د ژوورڤە بوون، هندی من خوە گرت یەک پەیڤ بتنێ ژی نە ئاخفت، دایکا من ژی بێدەنگتربوو و ستوویێ خوە خوار کربوو و بەرێ وێ ل مافوورێ بوو، ئەز هەر بالا خوە ددم دایکا خوە پاشان سەفەری، وەکو دینا مات و حێبەتی دمینم، هەتا دایکا من رابووی و دەرکەفتی ئەو یەک دەمژمێر بوو نە وی پەیڤەک ژی گۆت نە وێ.

- سەفەر، مادەم دێ هەر مرم کا بێژە ئەڤە چ روو ددەت بلا ڤێ کولێ دگەل خوە نەبم گۆڕستانێ، بۆچی بەری مرنێ خەلک دهێن جەم تە،بۆچی ئەز نەمریمە و ئەز هەردەم یێ ل جەم تە، بۆچی دێ شنی مرم؟ بێدەنگی چییە؟ تو بۆچی نا کەنی..ئەز دین بووم ئەڤە من تەمەنێ خوە دگەل تە خەلاسکر و من تشتەک ژتە فێم نەکر؟!


- ئەز ناکەنم چونکی کەنی لمن هاتیە قەدەغەکرن دبیت خودێ گۆتبیت من نەکەنە، ئەز دوو جاران بتنێ کەنیامە هەردوو جاران بوویە کوخ کوخا من و ئەز کەفتیمە حالێ مرنێ.

- سوبحانەللاها! ئێ و یا دێ!

- تو مافداری ڤان پرسان بکی. هەرکەسێ بمرت بەری مرنێ ب چەند رۆژان هەست ب هندەک تشتێن غەریب دکت، هندەک راستی بۆ دیاردبن، هەست ب پەشیمانیێ دکەن، یەک ژ وان تشتان بێدەنگییە؛ ژنوو وی دەمی دزانن بێدەنگی ماکا ئاخفتنێ یە و ژ جیهانەکا بێدەنگ هاتینە و دێ بەرەڤ جیهانەکا بێدەنگ چن. ئەم مرۆڤین کەرەستە پەرستین، بەهایێ تشتێن ئابستراکت بتنێ دزانین،ئەگەر بێدەنگی تشتەک ئابستراکت با وێ ژ زێڕی ژی پتر بەهایێ خوە هەبایە، ژبەرکو بێدەنگی مەزنترین سەرمایەیە، ئیجا ئەو کەس دهێن جەم من و هەست ب وی سەرمایەی دکەن، قەت نەبە د وان رۆژان دا هنەک خوەشییێ ژ وی سەرمایەی ببینن. تو نە مری ژبۆ تو ڤێ راستییێ ژمن ڤەگوهێزی بۆ کەسێن بێ ئاگەهـ ژ ڤێ جیهانا بێدەنگییێ. ئەڤ دوماهیک گۆتن بوون من ژ سەفەری بهیستین، ژبەرکو پشتی چوار رۆژان ئەو مر.کورێ وی گۆتە من: سێ رۆژێن بەری مرنا وی یەک پەیڤ

بتنێ ژی مە ژ وی نە بهیست رستەیەک بتنێ نەبیت! هەتا وەسیەتا خو ژی نەگۆت. ئەو رستەژی ئەو بوو گۆت: ((ل دەمێ پێدڤی بێدەنگ نەبە)).

◆ ئەڤراز عەبدولکەریم



Anthon Jackson

# بە تامرە چیرۆک

## گوڵەجۆ:

هەوشارییەک چووە دووکانێک کوتی: ئابرا بوەخشە تووکەوەرتان هەس؟! دووکاندارەکە کوتی: بۆ پووڵ دەکا؟! شەرتبێ نەمزانیوە، دەنا دوێشەو تاشیم!

کوتی کوڕە برا تووی کەوەر ئێژم، تووی کەوەر!

## کامیل یاغیانی:

مەلایەکمان بوو لەگەڵ باوکم نێوانیان زۆر خۆش بوو، پێکەوە شۆخیان زۆر دەکرد.

ڕۆژێکیان لە جەنگەی گیادروون مەلا هات بۆ یاریدەمان. ببووە قەرەقۆڵی باوکم!

باوکم کوتی وەرە مەلا بیکە مەڵۆ، بزانە ئەو گیایەم وەک بەری مەلاژن تاشیوە یان نا؟!

مەلاش پێ کەنی و کوتی بەخوا دیارە هیچ سلیقەت باش نییە، تاشین کوا ئاوا دەبێ؟!

**بۆکانی:**

ژنخوشکێکم هەیە زۆر لەچەرە و بە قەولی کوردەواریی خۆمان مستی قووچاوە.

ڕۆژێک خێزانم کوتی: فلانی دەڵێن ئامینی خوشکم نەخۆشە، من ناتوانم بچم، دا تۆخودا تۆ بچۆ هەواڵێکی بزانە.

منیش هێندێک شەیتانم، لە دەرگاکەیانم دا و کوتم: نانی جومعە ڕەحمەتی خوداتان لێ بێ! چارەگێک لە بەر دەرگا بووم هیچ خەبەر نەبوو. دیسان کوتم نانی جومعە ڕەحمەتی خوداتان لێ بێ. دادەئامینی ژنخوشکم دەنگی خۆی باریک کرد و کوتی دایکم لە ماڵێ نییە، منیش ناتوانم دەرگا بکەمەوە! کوتم کچێ بیکەوە منم، چێشتی نیوەڕۆم بۆ هێناوی. لە خۆشیان وا بە پڕتاو هات، لاقی لە کراسەکەی گیرا و خەریک بوو دەستیشی بشکێ!

**چالاک:**

پیاوێکی تۆزێک سەرشێت لە یەکێک لە ئاواییەکانی نزیک بۆکان، سەیری زۆر خۆش بوو. خەڵکی ئاوایی هەموو کۆبوونەوە و جۆگەی ئاوی نێودێیان جۆماڵ دەکرد. لەناکاو دەستیان بۆ کابرای گۆرین بردبوو و بۆزێکیان پێوە کردبوو! کابرا شێت بوو نەیدەزانی کێیە، هەر کەسی دەگرت دەیکوت دایکت دەگێم تۆ بووی؟! ئەویش دەیکوت ناوەڵا، کابرا شێتۆکەش دەیکوت ئەی دایکت دەگێم کێ بوو؟

**چالاک:**

ڕۆژێک لە وتارێکی مەلا لە نوێژی هەینیدا کە دەڵێ هەر ژن و پیاوێکی موسڵمان لێک نزیکی بکن وەک ئەوە وایە جوولەکەیەکیان کوشتبێ! پیاوکە چووە لای ژنەکەی و گێڕایەوە کە مەلا چی فەرمووە. شەوێ ژنە لە مێردەکەی دەکوتێ و دەڵێ: هەستە با جوولەکەیەک بکوژین! پیاوەکە دەڵێ: زۆر چاکە با بکوژین. جوولەکەیەک دەکوژن. پاش کەمێکی تر ژنە لە پیاوە دەوەژێنێ و دەڵێ هەستە با جوولەکەیەکی دیکە بکوژین. پیاوەکە کە زۆر هیلاکە بەناچاری جوولەکەیەکی دیکەش دەکوژن. بۆ جاری سێهەم ژنە لە پیاوە دەکوتێ و دەڵێ هەستە با یەکی تر بکوژین! کابرا هەڵدەستێتە سەر قوون و دەڵێ ژنەکە تۆ زۆر سەیری بەهیوای بە شەوێک فلستین فەتح کەی، وەڵا ئەوە بۆ من جێبەجێ نابێ!

### ڕێبوار ـ بۆکان:

لەم ڕۆژانەدا لەگەڵ چەند کەسێک لە جێگایەک دانیشتبووین. باسی پێشێلکردنی مافی گەلی کورد کرا. کابرایەک باسی هێنا سەر پاکتاوی نژادیی خەڵکی کەرکووک بە دەست حکومەتی بەعسی عێراق و کوتی: ئەودەم سەدام خەڵکی کەرکووکی ئیپیلاسیون دەکرد! کابرایەکی دیکە لەولاوە هەڵیدایە و کوتی: کوڕە بێبەڵا بی، خۆ سەدام ئارایشگای ژنانی دانەنابوو! ئەوەی تۆ دەیڵێی "ئاسیمیلاسیونە"!

*ئێپیلاسیون: لە ناوبردنی زیدە تووکی لەش، لووسکردنی لەش

*ئاسیمیلاسیون: تواندنەوەی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیەک

### شەماڵ:

جارێک موفتی زەهاوی لە بەغدا لەلای  والی دادەنیشێ و لە تەنیشتییەوە دەبێ و سەرینێک مابەینیان دەبێ. لەو وەختەدا یەکێک لە کوردە فەیلیەکان دەبەنە لای والی و والی زۆر تووڕە دەبێ و دەڵێ: بریا دەمزانی بەینی کورد و کەر چەنێکە؟! موفتی زەهاوی خێرا دێتە جواب و دەڵێ: تەنیا سەرینێک!

والی لا ئەکاتەوە و زۆر شەرمەزار دەبێ و داوای لێبوردن دەکا!

## ناسر عەبدوولّلاهی ـ شنۆ:

برادەرێکی خوێریلکەم هەیە

گوتی دەگەڵ بابم چوبووینەوە گوندی بۆ بنێشتەکاڵی. تازە بلۆغ ببووم هەموو شەوان شەیتانم پێ دەکەنی و ئاوم دە گونان گەڕابوو. هەر ئەوەندەبوو دە کەلێنە خشتانم نەداویشت، ئەوەندە خوێڕی بووم خۆم بە قەل و قازەوە دەنا. شەوانە لە سەربانی دەنووستین. هاوینان زۆر فێنک و خۆشە.

ماکەرێکن پێ بوو، سێ شەوانم مۆبایل بۆ تەوقیت کرد بچمە زگی، قەدەری خوای وەخەبەر نەدەهاتم، سەری چوارەم شەوی وەخەبەر هاتم؛ بەدزی لە بانی هاتمە خوارێ و چوومە کادێنێ. تەماشا دەکەم بابم لە خۆ خوێڕیترە ئەوە لە زگیەتی و وەبەر نەقلانی داوە! بە دڵشکاوی هاتمەوە بنجێی. گوتم بۆ سبەینێ شەوێ بێ. سبەینێ شەوێ هەستامەوە هەمان تاس و حەمام، بابم خۆی تێ ڕۆکردبۆوە، گوتم فایدەی نییە، بەخوای ئەو ماکەرەن لەبەر بابم وەبەر من ناکەوی!

بە سەر پەرژینیدا خۆم فڕێ دایە تەویلێ ماڵێ حاجی مەحموودی؛ ئەوانیش ماکەریان هەبوو، چوومە دیوی کادێنێ و لە ماکەرێ نزیک بوومەوە و دێخونم کردەوە؛ حاجی مەحموود ڕێک داهاتە گێزەکی ملیم و گوتی: ئەوە چ دەکەی هەی سەگی سەگباب؟!

گوتم: وەڵا بەتەمام تەرکاوتەرک ڕەزگ ئەوێ ماکەرێ نێم!

گوتی: ئەدی سەگبابی سەیانی، بۆخۆو ماکەرو نییە؟ بۆ ناچیە زگ ماکەرێ خۆت؟

گوتم: جا وەڵاهی مام حاجی، ماکەرێ خۆن، بابم ئەوەندەی گاوە بە داکم دەشێ، دەستم ناڕۆنێ دێخونیی لێ وەکەم!

## دیار:

دەگێڕنەوە پیاوێکی هەژار و قەرزدار بە هەزار هیوا و ئومێدەوە دەچێ بۆ جووت.

لە کاتی جووتکردندا، گاجووتەکەی زۆر ماندووی دەکا و بەڕێوە ناچێ.

ئەویش لە سەر بەردێک بەرامبەر بە گاجووت دادەنیشێ و دەڵێ: گابۆر! تۆ دانیشە و منیش دادەنیشم جا بزانە کامان لەجیاتی قەرز دەبەن؟!

◆

کارمەندێکی ڕێکخراوەخێرخوازەکان بە گەڕەکێکی هەژارنشیندا دەگەڕێ؛ چاوی بە منداڵێک دەکەوێ و لێی دەپرسێ لە چیتان کەمە؟

ئەویش دەڵێ لە هیچمان کەم نییە.

کارمەندەکە دەڵێ چۆن لە هیچتان کەم نییە؟

منداڵەکە دەڵێ ئاخر دوێنێشەو هەمووومان دانیشتبووین باوکم تڕێکی دا، دایکم وتی وەڵا هەر لەوەمان کەم بوو!

**ئازیز:**

دۆستێک بۆی گێڕامەوە:

لە گوندێکی موکریان موعەلیم بووم، مزڵێکم گرتبوو شەوشەوە لەوێ دەمامەوە.

ئێوارەیەک منداڵی ئەو گوندە لەگەڵ منداڵی گوندی ئەوبەری چۆمی کێبەڕکێی فوتباڵیان هەبوو، کوتیان ئاغا دەبێ تۆ داوەرمان بی، کوتم باش.

فوتباڵ دەستی پێکرد. زۆریان تۆپ وەبەر شەقان دا هیچ لایەک گۆڵی نەدەکرد، لەناکاو لای خۆمان گۆڵێکی لێ دا، منیش هەر بە ئیشتیا فیتووم لێ دا دەستم هەڵێنا کوتم: ئافسایە!

منداڵێک بە هەڵەداوان و هەناسەبڕکە و زۆر بە تووڕەیی بۆ لام هات و کوتی: یانی ئاغا ئەوە ئافسایە بوو؟

کوتم بەڵێ

کوتی جا بەڵان پیاوی لە قوزی دایکی بەم ئەگەر ئافسایە بێ!

ڕووی لە منداڵان کردەوە و هەرای کرد ئاغا گووی خوارد ئافسایە نییە!

- **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک:** "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"



Narin Kurd